**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە: ٥٤٨ لە ٢٠٢١/٣/١**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١

ئامــاژە بە بڕیــاری ئەنجــومەنی دادوەری ژمــارە (٤) لە ٢٠٢١/٢/١٠ ، پشــت بە حــوکمی لەمــاددەی (١٩ / یەکەم – دووەم ) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و لەسەر داوای دەستەی دەسـپاکی هەرێمـی کوردسـتان بەنووسـراویان ژمـارە (١٣٥/١) لە ٢٠٢١/٢/١ ، ئەنجـومەنی دادوەری لە دانیشتنی رۆژی ٢٠٢١/٢/١٠ بە کۆی دەنگی ئامادەبوان بڕیاری دا بە : -

- پێکهێنانی دادگایەکی تاوان بـۆ دادگـایی کردنـی سـەرجەم تۆمەتبـارانی تـاوانی گەنـدەڵی بەنـاوی (**دادگای تاوانەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی**) لەسەر ئاسـتی هەرێمـی کوردسـتان تایبەتمەنـد دەبێت بەبینینی کەیسەکانی گەندەڵی وە ناوەنـدەکەی لە شـاری هەولێـر دەبێـت و بەسـەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر دەبەسترێت .
- ئەم جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی (٢٠٢١/٢/١٠) و لەرۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەری / بەنگین قاسم محمد**

**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

## بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٤٦ / بڕگەی دووەم) لەیاسای بەرەنگاربوونەوەی مـاددە هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردسـتان ـ عێـراق ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٢٠ بڕیارمانـدا بە:-

- هـاوپێچکردنی دەرمـانی (**ترامـادۆل**) بـۆ خشـتەی ژمـارە (٨)ی یاسـای بەرەنگـار بـوونەوەی مـاددە هۆشبەر و کارتێکەرە عەقلییەکان لە هەرێمی کوردستان
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٢٤.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**